## وانەی 13

## کورد لەسەردەمی ئیسلامدا

## ڕۆڵی کورد لە دەولەتی عەباسی(132-656ك)

**دەوڵەتی عەبباسی(132-656ك):**

**ناوی عەبا سیەکان دەگەڕێتەوە بۆ (عباس)ی مامی پێغەمبەر(ﷺ)، و دامەزراندنی دەوڵەتی عەببا سی و خەلیفەی یەکەمی عەببا سیەکان (أبوعباس عبدالله کوڕی محمد کوڕی علی کوڕی عبدالله کوڕی عباس کوڕی عبدالمگلب ی مامی پێغەمبەر(ﷺ)) بوو و أبوالعباس ناوبانگی دەرکردبوو بە (أبوالعباس السفاح).**

**عباس هیچ کاتێ چاوی لە دە سەڵاتی خیلافە نەبووە، چونکە لای وابوو خەلیفەکان شایستەی ئەو دە سەڵاتەن، تا لە (32ك) کۆ چی دوایی دەکات کە ماوەی ڕا شدیەکانە و علی دێتە سەر دە سەڵاتی خیلافە، و عبدالله کوڕی عباس لەگەڵ خەلیفە علی زۆر برادەر دەبێ، و کوڕێکی ناو دەنێ(علی).**

**کاتێك ئەمەویەکان دێنە سەر دەسەڵات، هەوڵدەدەن عەباسیەکان بخەنە ژێر چاودێری خۆیان و ڕازیان بکەن، نەوەك لەگەڵ بەرهەڵستکارەکان یەکبگرن دژی دەسەڵاتییان.**

**علی لە (118ك) کۆ چی دوایی دەکات و زانیاری ئەوتۆ نیە لە سەری بەڵام علی چەند کوڕێکی هەیە، یەك لەوانە ناوی(محمد)ە، و ماوەکەی لەگەڵ ماوەی (عبدالملك بن مروان)ە. محمد دە سەڵات وەردەگرێ، و کە سایەتیەکی لێهاتوو بوو، و لە محمدەوە ئیمامە دەگوازرێتەوە بۆ عەببا سیەکان واتە لە علوی← عەبباسی.**

**محمد لە مناڵیەوە خراوەتە بەر خوێندنی قورئان و فقە و...هتد و شارەزاییەکی زۆری دەربارەی قورئانی پیرۆز هەبووە، (أبوها شم) مامۆ ستای محمد بووە، و یەکێك بوو لە زاناکان، (أبوها شم) چەند جارێکی لە لایەن ئومەویەکان ئازار دەدرێ لە سەردەمی ( سلیمان بن عبدالملك)، چونکە ئەو کاتە ئەمەویەکان لاوازببوون، و خەڵکەکە چاویان لەوەبوو کە کە سێك هەبێت ڕزگاریان بکات لەم نەهامەتیەو وڵات بەهێز بکاتەوە و ڕزگاریان بکات لە ژێر دە ستی سلیمان بن عبدالملك و وی ستیان کە سێك هەڵبژێرن لە بنی ها شم بێ واتە لە قەبیلەی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیە دەنگیان دا بە (أبی ها شم عبدالله کوڕی محمد کوڕی حنیفە کوڕی علی کوڕی ابی گالب). کە یەکێ بوو لە زاناکانی فقهو**

كه سێكی ڕا ست و  چاكەكار و ڕا ستگۆ بوو، بەڵام أبوها شم ترسا لەوەی نەوەك لە لایەن  سلیمان بن عبدالملك بكوژرێ بۆیە ڕایكردە (حمیمە) لە شام.

أبوها   شم لە حمیمە دە   چێتە لای(محمد علی عبدالله عباس)، و أبوها   شم خۆی منداڵی نەبووە و متمانەی بە براكانی نەبوە بۆیە ئیمامە دەداتە محمد.

ئیتر محمد لێرە دەست دەكات بە بانگەوازی عەبباسی بە نهێنی لە حمیمە و بلاد الشام و كوفە. دواتر پەیوەندی دەكەن بە خرا   سان و خەڵك بە دەنگ بانگەوازەكەیان دە   چن، و محمد لایەنگرێكی زۆر كۆدە كا تەوە و بریار دەدات بـ  چێتە قۆناغی ئا   شكرا، و بە خەڵك ڕادەگەیەنن كە ئەوان دژی ئەمەویەكانن، و موالیەكان لە لایەن ئەمەویەكانەوە زۆر ئازاردراون و بەرەنگاریان بوون، و ڕادەگەیەنن كە ئەو شتانەی ئەمەویەكان كردویانە ئەمان دووبارەی ناكەنەوە.

محمد ئیمامە دەداتە ئیبراهیمی برای، و ئیبراهیمیش لە لایەن ئەمەویەكان دەگیرێ و لە بەندیخانە وە   سیەت دەكات پێش مردنی كە ئیمامە بدرێتە (أبوالعباس الـ  سفاح) كە دەبێتە یەكەم خەلیفەی عەبباسی.

لە (132ك)  شەڕ لە نێوان عەببا سیەكان و ئەمەویەكان ڕوودەدات لە  سەردەمی خەلیفەی ئومەوی (مروان بن محمد)، و مروان لە بەر ئەوەی دایكی كورد بووە ژمارە یەكی زۆر كوردی لە گەڵ بوو لە سوپاكەی، و عەبباسیەكان ژمارەیەكی زۆر كوردیان لەگەڵ بووە زیاتر لە ئەمەویەكان.

لە پێش ڕوودانی    شەڕ مەروان بن محمد وتار دەخوێنێتەوە بۆ   سوپاكەی تا ورەیان بەرز بكات و پێیان ڕادەگەیەنێ كە ئەوانەی لەگەڵ عەبباسیەكانن كورد نین و خەڵكی خوراسانن، بەڵام ئەمەویەكان شكستیان هێناو مروان ڕایكردە دیمە شق و لەوێ شەوە بۆ صعید لە مصر و لەنزیك فیوم لە گوندی (أبوبصیر) گیرا، و كوژرا. لە ئەنجامدا خیلافە لە ئەمەویەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ عەبباسیەكان.

## كوردبەشداری لە پێكهاتەی سوپای عەباسی

عەباسیەكان هەولیان داوە سود لە هەلەی ئەمەویەكان وەربگرن ئەو خالە لاوازانەی  بكەنە هۆكارێ بۆ سەپاندی دە سەلاتی  سیا سی خۆیان بە جۆرێك بیكهاتەی  سوپای لە  سەرەتای بانگەوازو دەولەتەدا لە    چەندین  پێكهاتبەی جیا جیا  لە تورك و عەرەب و كوردو فارس دەیلەم بەلام كورد بە رێژەیەكی كەم  بە بەراورد لەكەل نەتەوەكانی تر ئەویش لە رێگەی هۆزەكانیانەوە  ئەوانیش لە هۆزەكانیانەوە لە سوبای دەولەتی عەباسی كاریان كردووە :

هەندی لەو كەسایەتیانە بۆ نمونە

1- جیلوەهی کورد: سەبارەت بە بنە چەی ئەو کە سایەتیە کوردە سەر چاوەکان زانیاری نادەن بەدە ستەوە کە لە ج ناو چەیەك بووە تەنها ئەوە نەبیت کە یەکیك لە زومە فار سەکان واتا کەرەك بە ناوی جیلوەیە بۆیە دەتوانین بلین لە کوردەکانی ناو چەی فار سە بە شداری لە بارو دۆخی ناوەخۆی دەولەتی عەباسی کردووە لەسەردەمی خەلیفە امین

2- محەمەدی کوری جیلوەهی کوردی: ئەمەش یەکێك بوو للە سەربازانی دەولەتی عەبا سی بە شداری کردووە لە کیشەی نیوان مستەعین و موعتەز

3- احمەدکوری لیـ سی کوردی: یە کیك بوو لە کوردەکانی فارس لە سالی 255ك هیرس دەکاتە سە هەرێمی کرمان بۆ دامرکنەوەی کوروبە هەلکەراوەکانی دژ بە دەولەتی عەباسی.

4- علان کوری کشمردی کوردی: سەرکردەیەکی سەربازی دەولەتی عەبا سی بوو بە شداری کردووە لە دامرکانەوەی بزوتنەوەی قەرامیتە بۆ بۆ رەت دانەوی قەرامیتەکان لە سەرە رێکای خۆرا سان بۆ جارەسەر کردنی کیشەی حاجیان لە سەر ریکاکان.

5- محەمەدی کوری عەبدولای فارقی: جەند بلەو بایەکی لە دەولەتی عەبا سی وەرکرتووە بۆنونە لە بەسرە و بەغداد

6- ابن جەزری: لە سەردەمی هارونە رە شید دەبیتە سەرکردەکی سەربازی دژی رۆمە بیزەنتنیەکان بەتایبەتی ناوچە سنوریەکان.

## هۆکارەکانی دەرکەوتنی دە سەلاتی خۆجی یو گە شە سەندنی دە سەلاتی سەربە خۆ ومیرنشینە کوردیەکان:

1- لاوازی دە سەڵاتی خیلافەتی عەببا سی: دوای مردنی خەلیفە معتـ صم لە (227) خیلافەتی عەببا سی ڕووی لە لاوازی کرد، و دە سەڵاتی خیلافە تاڕادەیەکی زۆر کز و لاواز بوو، بەتایبەتی لە(232-279) لە ئەنجامی هاتنی چەند خەلیفەیەکی کەم ئەزموون و بێ دە سەڵاتی بنەماڵەی عەباسی، وەکو (متوکل-منتصر-المستعین-معتز-مهتدی-معتمد).

2- هێنانی ڕەگەزی تورك بۆ ناو خەلافەتی عەببا سی، بەتایبەتی لە لایەنی سەربازییەوە، کە ئەم سەرکردە تورکانە بە شەڕانی و جەربەزەیی ناسرابوون، وەکو (ایتاخ-بُغا-وصیف)، کە ئەمانە هەموو ئەم دەرفەتەیان قۆستەوەو کۆنتڕۆڵی بارودۆخەکەیان کردو دەستیان بەسەر زۆربەی دام و دەزگاکانی خەلافەت داگرت و خەلیفەی عەببا سیان بە تەواوەتی ئابلۆقەدابوو، و هیچ دە سەڵاتێکیان بۆ نەهێشتبۆوە.

3- جگە لەمە خیلافەتی عەببا سی توو شی چەند تەنگە شەیەکی تریش ببوو، وەك (بزووتنەوەی خەوارجەکان و شیعە عەلەویەکان) کە لە گە شە سەندن و تە شەنەکردندا بوون، هەروەها شۆڕ شی

کۆیلەکان(زنجەکان) لە (255) لە خوارووی عێراق هەڵگیرسا کە بۆ ماوەی (15) ساڵ بەردەوام بوو، و لاوازی خیلافەتیش زیاتر ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ گەشەسەندن و تەشەنەکردنی ئەم بزووتنەوانە.

4- دیاردەی جیابوونەوەی سیاسی لە ناو خلافەتی عەبباسیدا لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی سەریهەڵدا، کە (گاهر بن حسین) لە سەدەی (3ك-205) لە خوراسان دامەزرا، هەروەها میرنشینی شیعەی زیدی(علوی) لە گبرستان لە (205) دامەزرا، جگە لە میرنشینی صفاری لە هەرێمی فارس و کرمان لە (254) دامەزرا، و دوای ئەوانیش سامانیەکان لە ماوراء النهر میرنشینیان دامەزراند لە (261).

لاوازی عەبباسیەکان لە لایەنی کارگێڕی و ئابووریەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە نەتوانن هەموو ناوچەکان بەڕێوەببەن، چونکە ڕووبەرێکی زۆریان لەژێر دەست بوو بۆیە دیاردەی جیاخوازی میرنشینەکان سەریهەڵدا.

کەواتە شتێکی ئاسایی و بەڵگە نەویستە کە ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی دووچاری خەلافەتی عەبباسی هاتبوو کاربکاتە سەر ناوچەکانی کوردستان، و دیاردەی جیاخوازی و هەوڵدان بەرەو خودمختاری تیایدا ڕەنگ بداتەوە.

بە هەمان شێوەش لە کوردستانیشدا دەسەڵاتی خەلیفە و دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بێت و ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ نەشونماکردنی جۆرە دەسەڵاتێکی ناوخۆیی لە لایەن کوردەوە، بەتایبەتی کە کوردستان پڕە لە قەڵاو بارەگا و پەناگەو شارۆچکەی شورەدار کە دەورە دراون بە چەند زنجیرە چیایەکی سەخت.

سەرەڕای بوونی دەیان هۆزی ئازاو شەڕکەرو دەسەڵاتدار لە کوردستان، و خەڵکەکە لە دەوری سەرۆك هۆزەکان کۆدەبوونەوە، کەواتە کوردستان هەموو مەرج و مقاوەمەتێکی میرنشینی سەربەخۆی تێدا هەبوو، چونکە ناوچە شاخاویەکان و زنجیرە چیاکان وەکو قەڵغانێکی سروشتی ناوچەکانی ناوەوەیان دەپاراست، و هێڵێکی بەرگریشیان پێکدەهێنا لەبەردەم شاڵاوەکانی سوپای نیزامی دەوڵەتان، بە حوکمی ئەوەی لە سەر لوتکە و پەناگەکانی ئەم چیایانە ژمارەیەکی زۆر قەڵاو پایەگای(حصن) جەنگی هەبوون کە لە لایەن هۆزەکانی (بوختی(بۆتان)-زەرزاری-بەرزیکانی-گاوانی-لور-گەلاڵی) بەڕێوەدەبرات.

تەنانەت مێژوونوس و جوگرافیناس یەعقوبی (م پاش 292) هەرێمی چیا بە ناوی(خانەی کوردە دڵ ڕەقەکان) ناودەبات (دار الاكراد غليظي الاكباد)، بۆیە هیچ سەیرنیە لەگەڵ لاوازبوونی خەلافەتی عەبباسیدا بەرە بەرە میر و سەردارانی کوردیش بکەونە خۆو چەند جۆرێك لە دەسەڵاتداری ناوخۆیی بەدەست بهێنن.

**خەلافەتی عەببا  سی لە (132–656) بەردەوام بوو، ئیتر لەوەو دوا دەبینین   چەندان میرز  شین و قەوارەی سیاسی لە لایەن سەرۆك هۆز و سەردارانەوە دامەزران، لە سایەی خەلافەتی عەبباسیدا.**

**ئەو   سەرداره کوردانە فەرمانڕەوای ناو  چە کوردیەکانیان دەکرد، تەنانەت یەك دوانێکیان توانیان بگەنە قۆناغی سەربەخۆبوونی سیاسی و ئابووری، بۆیە لە پێناو ئەم هەنگاوەشدا چەندان هەنگاویان ناوە، وەك لێدانی پارە بە ناوی خۆیانەوە، و ناوهێنانی میری کوردی فەرمانڕەوا لە وتاری هەینی دا بەبێ ئەوەی خۆیان بخەنە ڕیزی نەیاران و بەرهەڵ ستکارانی خەلافەتەوە، و هەروەها بێ ئەوەی بیر لە پچڕاندنی پەیوەندی دۆستانەیان بکەن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا.**

**بێگومان ئەم میرز  شین و قەوارانەش لە پڕو لە یەك کات و   ساتدا دەرنەکەوتوون، بەڵکو بە   چەند قۆناغێکی گە شە سەندندا تێپەڕیون، ئەمانەش وەك دەرئەنجامێکی گۆڕانکاری سیا سی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمە سەریان هەڵداوە، چونکە خەلافەتی عەبا سی بێ هێز بوو لەو کاتەدا.**

## قۆناغەکانی دەرکەوتنی دەسەلاتی سەربە خۆی کوردی:

**کەواتە بە پشت بە ستن بە سەر چاوەکان دەتوانین دەرکەوتن و گە شە سەندنی میرز شینە کوردیەکان بکەین بەم قۆناغەوە.**

**1- سەرهەڵدان و خوجیێ ی : لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆ چی (200–250) کە دەکاتە نۆیەمی زاینی، بۆ یەکەمجار لە هەندێ ناوچەی کوردستان قەوارەی سیاسی کوردی بچووك دامەزران.**

**یەکەم کەسایەتی کورد کە لە سەردەمی ئیسلامیدا توانیبێتی ناوچەیەك بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و نیمە چە  سەربەخۆییەکی  سیا سی بەدە ست بهێنێت و ڕۆڵی بگێڕێت لە ناو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا ئەویش (عصمت کوردە) کە لە سەردەمی خەلیفەی عەببا سی (خەلیفە معتصم) (218–227) خاوەنی  شاری (مەرەند) بووە کە  شارێکە دەکەوێتە هەرێمی ئازربیجان و ڕۆژهەڵاتی  شاری (خوی) و باکوری دەریاچەی (ورمێ).**

**مێژوونوس یەعقوبی ناوی (ع  صمتی کوردی) هێناوە بە خاوەنی مەرەند ناوی دەبات، لە بارەی ئەم کە سایەتیەوە زانیاریەکی ئەوتۆمان دە ست نەکەوتووە، کە لە چ هۆزێك بووە؟! یاخود  چۆن و کەی بۆتە خاوەنی   شاری مەرەند؟! تەنها ئەوە نەبێت کە لە (220ك) پەیوەندی کردووە بە بزووتنەوەی (بابەکی خورەمی)و لە لایەن سوپای عەببا سی دە ستگیرکراوە تا سەردەمی خەلیفە (واپق)(227–232) هەر لە زیندان بووە.**

**هەروەها لەو ماوەیەدا چەند کە سایەتیەکی تریش دەرکەوتوون وەکو میر(جعفری کوڕی میر خۆ شی کوردی) کە لە چیاکانی دا سنی و ڕۆژهەڵاتی مو صل دە ستی بە جوڵانەوە کردووە، هەروەها کە سایەتی (ذ صری کوردی) یان پیوڤب لە هەندێ سەر چاوەی سریانی بە(نار سیس) هاتووە لە هەرێمی جەزیرە و هەروەها (موسی کوردی) لە جەزیرەی بۆتان دەرکەوتوون.**

**سەرچاوە سریانیەکان باس لە موسای کوردی دەکەن و بە (سەرۆکی کوردان) ناویان بردووە.**

**2- گە شە سەندنی دە سەلاتداریەکان(250-334): لەم قۆناغەدا دە سەڵاتدارانی کورد بە ژمارە زۆرترن، و لە ڕووی جوگرافییەوە لە هەموو ناو چەکانی کورد ستان بەر چاو دەکەون و سنوری دە سەڵاتیە شیان بەرفراوانترە، تەنانەت هەندێکیان نیمە چە میرنشینیان پێکهێناوە ئەگەر بەراوردی بکەین بە قۆناغی پێ شوو، لە دەڤەری هەکاری و ناو چە شاخاویەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی دەڤەری مو صل ژمارەیەك میری سەربەخۆ دەرکەوتن، وەك میر(جعفری کورد) خاوەنی قەڵای ئەردەم شت و میر( شەدادی کوردی) خاوەنی قەڵای حسینیە(زاخۆی ئێستا) کە گبری مێژوونوس بە ( سەرۆکەکانی کورد) ناویان دەبات.**

**ئەمانەش لە سەردەمی خەلیفە معتمد(256-279) توانیویانە ناو چەکانی ژێر دە سەڵاتی خۆیان بەڕێوەببەن و پەیوەندیە شیان کردووە بە بزووتنەوەی خوارجەکان، و سوودیان لەم بارودۆخە وەرگرتووە، و پەیوەندیەکی با شیان هەبووە لەگەڵ هۆزی(تغلب)ی عەرەبی کە پێکەوە توانیان دەست بە سەر شاری مو صل و دەوروبەریدا بگرن، بۆیە لە (281) بەدواوە ئەم نەیارانە(معارچ) یەك بەیەك کەوتنە بەر شاڵاوی خەلیفە معتچد(279-289) ئیتر خەلیفە توانی قەڵای حسینیە بگرێ و دواتریش قەڵای ئەردەمشتی گرت و هەردوو قەڵاکەش وێرانکاران.**

**لە نێو میرەکان، میر شداد لەهەموویان بەهێزتر بووە، و خاوەنی سوپایەکی تۆکمە بووە، بەڵام گبری زیادە ڕەویکردووە و ژمارەی چەکدارەکانی بە (10)هەزار کەس داناوە.**

**هەرێمی جەزیرە: لە هەرێمی جەزیرە و دەڤەرەکانی باکوری کورد ستانیش سەرۆکەکانی هۆزی بە شنەوی هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچییەوە توانیان قەوارەیەکی سیا سی بچووك دابمەزرێنن و قەڵای (فنێك)یان کرد بە بنکەی حوکمڕانی خۆیان، سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆزی بەشنەوی نزیکەی (300)ساڵ حوکمی ئەم قەڵایەیان کردووە.**

**هەرێمی شارەزوور: ئەم هەرێمە هەرچەندە لە (سامراء)ی پایتەختی عەبباسیەکانیش نزیك بوو، بەڵام لە هەموو هەرێمەکانی تری کورد ستان زیاتر دە سەڵاتداریەتی کوردی تێدا دامەزرا، ئەم هەرێمە هەر لە کۆنەوە زێدی (لانەی) ژمارەیەك هۆزی گەورە و بەهێز بووە، وەکو (بەرزیکان- شازنجان-گەڵاڵی-عیشانی-باپیری-سیوەیلی) کە خاوەنی چەندان قەڵا و شارۆچکەی شورەدار بوونە، وەك (صامغان-داراباد-پیر- سیروان- سرمانج-زەڵم-قە سنان-دزدان) زۆربەی ئەم هۆزانە تاڕادەیەکی بەر چاو**

سەربەخۆیی خۆیان بەدی هێنابوو، تەنانەت کاروباری سیا سی و ئابووری و دارایی ناو چەکە بەدەست خۆیانەوە بوو. والی و باجگر و فەرمانبەرانی دەوڵەتی لێنەبووە.

خەڵکی شارەزوور بە گ شتی ئازاو شەڕکەرو جەربەزە بوون، هەرگیز ملکە چی دە سەڵاتی مەرکەزی نەبوونە، و ژێردە ستەی بیانیان قبووڵ نەکردووە، بۆ بەرگریکردن پ شتیان بە قایمی و پتەوی شارۆ چکەکانیان دەبە ست، هەروەکو (ابن حوقل)ی جوگرافیناس لە (367)مردووە، دەڵێت: ((شارەزوور شارێکی بچووکە، کوردەکان دە ستیان بە سەرداگرتووە، و نە میری تێدایە و نە باجگرو ... لە لایەن سوڵتانەوە)).

خەلیفە معتـ چد لە چوار چێوەی هەڵمەتە فراوانەکەی بۆ سەر دەڤەری مو صل و هەکاری وی ستی شارەزووریش لە بەرهەڵ ستکاران پاڵ بکاتەوە و دە سەڵاتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە بۆ ناو چەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆریدا نەیتوانی سەربکەوێ، لەبەر پتەوی شارەکە و زۆری جوامێری چەکدارەکانی.

هەر لە دەڤەری شارەزوور ناوی کە سایەتیەکی کورد هاتووە کە ئەویش (إبن أبی ربیع الکردی) بووە، کە لە (290)داڵدەی سەرکردەی عەببا سی هەڵاتوو (أبو سعیدی خوارزمی) داوە و پێکەوە یاخی بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە، و هەر لە شارەزوور لە دەوروبەری (300ك) هەردوو برا(وەنداد–غانم) کە کوڕی میر أحمدی عیشانی بوونە و توانیویانە ناوچەکانی شارەزوور و دینەوەر و صامغان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و میرنشینێکی بچووکی تێدا دابمەزرێنن، و ماوەی نزیکەی (50)ساڵ حوکم بکەن و هەریەکەیان نزیکەی هەزارەها چەکداری هەبووە، بەمەش دامەزراندنی یەکەم میرنشینی کوردیان ڕاگەیاند، میر(غانم) قەڵای (قە سنان)ی کردە بنکەی خۆی و قەڵایەکی تری شی ئاوەدان کردووە و ناوی لێنا(غانم ئ‌ەباد).

دیاردەی جیاخوازی هەرێمی خوز ستان و لوڕ ستانی شی گرتەوە، لە سەردەمی خەلیفە معتمد کە سایەتیەکی کورد بە ناوی(محمد بن عبیدالله ی کوڕی هەزارمێرد مەرد–ی کورد) وەکو میرێکی بەناوبانگ لە هەرێمی خوزستان دەرکەوتووە، و سوپایەکی گەورەشی هەبووە کە لە چەکدارانی کورد پێکهاتبوو، بۆیە یەعقوبی صفاری(میری صفاریەکان) ئەم کە سایەتیەی کردە والی خۆی لە سەر خوزستان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی صەفاریەکان لەم ناوچەیەدا.

هەورەها میر محمدیش هەوڵیداوە سوود لە بارودۆخی ناو چەکە وەربگرێ، پەیوەندی کرد بە سەرکردەی شۆڕشی زنجەکان لە باشوری عێراق، ابن الاپیر(630مردووە) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((محمد بڕیاریدا مداراتی یەعقوبی صفاری و سەرکردەی زنجەکان بکات تاوەکو خۆی بە هەرێمی خوز ستان بەهێزبکات و بەرژەوەندیەکانی خۆی جێبەجێ بکات)).

شایەنی باسە محمد یەکەم میری کوردە کە ناوی لە وتاری هەینیدا خوێندرابێتەوە، کە ئەمەش مانای خاوەن دەسەڵاتی دەگەیەنێ.

هەرێمی لوڕ ستان: سەبارەت بەم هەرێمە ئاماژە بەوە دەکرێ کەوا لە (300ک) هەردوو برا (بدر)و (أبومنصور) دەسەڵاتی لوڕستانیان گرتە دەست و بوون بە فەرمانڕەوای هەرێمەکە.

بدر لە لوڕ ستانی گەورە، و أبومنصوریش لە لوڕ ستانی بچووك حوکمیان دەکرد، لە دوای خۆشیان کوردو نەوەکانیان درێژەیان بە حوکمیان دا.

لە نێو میرەکانی قۆناغی گە شەکردندا میر (دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم کوڕی شادکۆیەی کوردی) کە سەرداری ئازربیجان و دەوروبەری بووە، لە (320–346) کە بە ناودارترین و دە سەڵاتدارترین میری کورد دەژمێردرێت، کە زۆربەی شار و ناوچەکانی ئازربیجان لەژێر دەستدابووە.

سەبارەت بە ئیبراهیم شادکۆیەی کوردی (باوکی دەیسەم) بە نەژادەوە لە کوردەکانی دەڤەری هەکاری بووە، و یەکێ بووە لە سوار چاکەکانی سەرکردە (هارون کوڕی عبداللە ی شاری) سەرکردەی بزووتنەوەی خەوارجەکان کە لە موصڵ و جەزیرە دەستیان بە چالاکیەکانیان کردبوو، ئەوەبوو دوای شکستی خوارجەکان لەسەر دەستی خەلیفەی عەبباسی (معتچد) لە (281) ئیبراهیم لەگەڵ کۆمەڵێ لە خەوارجەکان ڕادەکەن و ڕوودەکەنە ئازربیجان، لەوێندەر ک چی سەردارێکی کورد دەخوازێ و دەیسەم لە دایك دەبێ.

کاتێ کە سەرکردە کورد و دەیلەمەکان و عەرەبە حەمدانیەکان و سەرکردە سەربازیەکان کەوتنەخۆ، هەرێم و ناو چەیان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بۆ خۆیان دابڕی، تەنها بەغداو دەوروبەری لە دەست خەلافەت مابۆوە، بۆیە میر دەیسەمی کوردیش درێغی نەکردوو هەرێمی ئازربیجانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەروەها بەرپەرچی پەلاماری دەیلەم و خەزەرەکانیشی داوە.

کەواتە دەیسەم تەواو سەربەخۆ بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کەوا دراوی بە ناوی خۆی لێداوە (تا ئێستاش چەند دانەیەك لەو دراوانە پارێزراون).

بەو جۆرە لە ماوەی (250–334) ژمارەیەك قەوارەی سیاسی لە ناو چەکانی کوردستان دامەزران لە شێوەی قەڵادارییەتی و سەرداریەتی خێڵەکی و میرنشینی بچووکی سەربەخۆ، کە هەندێکیان هەر زوو لە ناوبران، و هەندێکیشیان بەرگەی ڕۆژگاریان گرت و بوونە بەردی بناغە بۆ میرنشینە سەربەخۆیەکانی سەردەمی بوەیهی، هەروەکو چۆن میرنشینی دەیسەمی بووە ڕێگاخۆشکەر بۆ دەرکەوتنی میرنشینی ڕەوادی لە ئازربیجان و هەروەها میرنشینی عیشانی بووە بناغەیەك بۆ میرنشینی حەسنەوەیە بەرزیکانی لە شارەزوور و هەرێمی چیا.

## 3– قۆناغی میرنشین(سەردەمی بوەیهی: 334–447):

بوەیهیەکان لە بنەماڵەیەکی دەیلەم بوون، دانیشتووی هەرێمی دەیلەمستان بوون، کە هاو سنووری کوردستانە و ئاو و هەواشیان وەك یەکە.

هەر سێ کوڕی بویهە (عمادالدولە← علی، معزالدولە← أحمد، رکن الدولە←حسین)، لە ماوەیەکی کورتدا توانیان کۆنترۆڵی هەرێمەکانی وڵاتی ئێران بکەن و لە (334) معزالدولە برا بچووکیان چووە بەغدا و دامودەزگاکانی خەلافەتی عەبباسی خستە ژێر دەستی و حکومەتی بوەیهی دامەزراند.

بویهیەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەکەیانەوە درکیان بەوەکرد کە ناتوانن ڕاستەوخۆ ناوچە شاخاویەکانی کوردستان بەڕێوەببەن و بەڕێگای سەربازییەوە دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و وڵات و میرە کوردەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، چونکە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی سەختەو هیچ داگیرکەرێك بیری لەوە نەکردۆتەوە کە سەرتاپای وڵاتەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵکو بەوە ڕازی بوونە کە ساڵانە باج و سەرانە لە سەرۆکە کوردەکان وەربگرن.

رکن الدولە ی بوەیهی لە براکانی زیاتر شارەزای کوردستان بوو، لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ میرو سەرۆك هۆزەکانی هەرێمی چیا بوو، بۆیە هەمیشە هەوڵیدەدا چاو لە چالاکی و زێدەڕەویەکانیان بپۆشێ، کاتێك کە پێی دەگوترا کوردەکان ڕێگریان کردووە و مەڕو ماڵاتیان تالانکردووە، وەڵامی دەدانەوە ((قەیناکە کوردەکانیش وەکو ئێمە پێویستیان بە خواردنە))، هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ((دەوڵەتەکەی ئەو بەستراوەتەوە بە دەوڵەتی کوردان)).

لەبەر ئەم هۆکارانە وەکو دەرئەنجامێکی گۆڕانکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی ئیسلامی، لە سەرەتای سەردەمی بویهییەوە ژمارەیەك میرنشینی گەورە و بەهێز لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دەرکەوتن، کە هەندێکیان شێوەیەکی کامڵ بووی قەوارە سیاسیەکانی پێش سەردەمی بویهی بوو.